# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو: بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984-1998

24) دەربارەی گۆڕان ، گۆڕانی کودەتایی

نیسانی 1990، پەیڤی نوێ، مارتی 1991، سەردەمی نوێ ژ 50

گۆڕان- گۆڕانەکانی سەردەمی ئەمڕۆمان:

گۆڕانێکی هێندە خێرا، هێندە تیژ، هێندە لەپڕو بەگوڕ، کە دەرفەتی نەك ئاوڕدانەوە بەڵکو تاسان و رامانیشمان ناداتێ:

ئەمە گۆڕانی هێواش نییە، ئەمە ئەو گۆڕانە نەخشەیی یە، خەیاڵییە، پلە بە پلە و قۆناغ بە قۆناغە نییە. کە خەون بینەرەکان لە بورجی بڵندی ئایدیۆلۆژیای دابڕاو دا، بە تەمایان بوو، رەحەت و سەحەت، بیان گەیەنێتە بەردەم بەهەشتەکە.. بە پێپلکەکانی حەقیقەتی نەخشە کراوی مێژوو دا سەرکەون و ئاسمانی ئاوات ماچ کەن و بەیداخی بۆتۆپیا پەخشان بکەن.

ئەمە گۆڕانێکی کوودەتایی یە کە دنیایەك نەغرۆ دەکا و دنیایەکی تر راست دەکاتەوە.

چ لە گۆڕێیە؟ مێژوو ئەم هەموو ئاڵوگۆڕانەی لە کوێدا حەشار دا بوون؟!

مێژوو، مێژووی مرۆڤ، هێندە پیرو دێرینە نییە، دووسێ هەزار ساڵێك، لەچاو تەمەنی ملیۆنەهایی گەردوون، پێچی مێزەرێکە.

بەڵام لەم دووسێ میلیممەد ( هەزارەدا) تەکانی مێژوو بۆ پێشەوە، بۆ تێکقرماندنی جوگرافیا، بۆ هەڵتەکاندنی شوێن و تێکچڕژاندنی مەودا، بەسەبرو بەزەبر تەواو بووە.

سەبری گۆڕانە ئابوورییە، کۆمەڵایەتییە هێواشەکان و زەبری جەنگ و هەڵا: ئەمە هەتا ئەم سەردەمەی ئێستامان. دەشێ بڵێین لە ناوەراستی شەستەکانەوە، لەناوجەرگەی ئابووری و جەنگ هەردووکیانەوە، تەکنۆلۆژیا وەك تاقە هێزی دیاریکەری ڕێرۆی مێژوو- و چارەنووسی کۆمەڵگای مرۆڤ خۆی سەپاندو خۆی سەلماند.

بەسەرکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە هەڵگێڕانەوەی شوێن بۆ کات و تیژکردنی رەوت و بزاڤی کات وەك پرۆسەی بەرهەم هێنان و داهێنانی ماددی و بیری شۆڕشی بەردەوام و بەربڵاوی ئیستیهلاکی و زانیاری بەرپابوو. حوکمی ئەم شۆڕشە بچووك کردنەوەی ئەم تۆپی زەمینە بوو! بۆیە جیهانگیرێتی ئەم شۆڕشە، بێ گوێدانە ئاکامە سیاسیی و ئەخلاقییەکانی، حەتمی بوو- و حەتمییە.

گەرچی شاڵاوی گۆڕان دەشێ لەسەرەتاوە بە رواڵەت، یەك لایەنیی بێ، ستوونیی بێ، واتە دیاردە سیاسییەکەی لە هەمووی زیاتر و زەقتر دەرکەوێ، راستییەکەی گۆڕانەکە: ناوجەرگەیی یە: گۆڕانی شێوەو ناوەرۆکە، گۆڕانی بەهاو باوەڕەکانە، گۆڕانی پێوەندو پێوەندییەکانە، گۆڕانی مێژوو- و جوگرافیایە!!

ئەمە راستییەکە بەوە بەرپەرچ نادرێتەوە کە لێرەو لەوێ، لەم گۆشەو لەو قوژبن، دوورگەی بێ خەبەری ئەوتۆ هەبن کە گەردی سەردەمییان لێ نەنیشتبێ، یان لەناو گوێی گادا بەئاگا نەهاتبنەوە، یان رێو رەسمە باوو دۆڕاوەکان شوێن و پایگەی خۆیان لەدەست نەدابێ.

گۆڕانی کوودەتایی: بوومەلەرزەیی یە. گۆڕانێکە زەمین، عەینی زەمین، لەژێر پێی کۆندا هەڵدەتەکینێ.

ئەوانەی هێشتا چاویان ئەوەندە بەرەنگ و سیما کۆنەکان راهاتووە کە ناتوانن جمینی زەوی لەژێر پێیاندا ببینن، یان خۆ کوێرکردنیان لەو دیمەنە پێ باشترە، ئەوانە دەمێکە قاچیان خزیوە و چاوەڕێی گیرسانەوەی مەحاڵ لە چاڵێکی بێ بن و بەتاڵدا دەکەن.

کاتێ زەوی لەژێر پێتا دەجمێ، ناتوانی قاچت بەرزکەیتەوە و بەگژ حەتمیەتدا بچی.

بەڵام لەکاتێکدا زەمینی کۆن لەجمین و ڕۆچوون دایە، زەمینی نوێ بۆ هەڵگێرانەوە و تازەکردنەوە خۆی دەنوێنێ.

ڕەنگە ئەم نوێ بوونەوەیە پێویستی بە برێ ئاوردانەوە لە رابردوو هەبێ، ئایا دەشێ بتوانین رابردوو شی بکەینەوە؟

هەڵبەتا پێویستە- وەك هەوڵێکی سەرەتایی- لەبناغە ڕەسەنەکان بگەڕێین.

موخابین وا پێ دەچێ زۆربەی (مێژوو) ی چل پەنجا ساڵی رابردوو لەسەر بۆشایی راوەستابێ. لێکدانەوە ساکارەکان، بۆچوونە درووشمیی و کتێبییەکان، دانانی گوتە (مقولە) لەجێی فاکت، دانانی چەواشەیی لە جێی شت، دانانی ئایدیۆلۆژیا لەجێی مێژوو، دانانی یۆتۆپیا لەجێی جوگرافیا، خۆپاراستن لە پرسیارەکان، چاونوقاندن لەچارەسەرییەکان، درۆکردن لەگەڵ دیاردەکان، بە دۆگماکردنی زانستەکان، هەلخەڵەتاندنی خۆ و خەڵك: ئەمانە بوون هەلومەرجی شەقار شەقاربوونی دیوارەکانیان خولقاند و گۆڕانیان سەپاند.

ئێمە باسی گۆڕان دەکەین: دیارە هەموو گۆڕانێك پێشکەوتن نییە- پێشکەوتن بە مانا مرۆڤایەتی و ئەخلاقییەکەی، پێشکەوتن وەك سەلماندنی مرۆڤایەتی راستەقینەی مرۆڤ و بە سەقامگیرکردنی کۆمەڵی دادو ئاشتیی و ئازادیی، لەسەرانسەری جیهاندا. بەڵام هەموو گۆڕانێك پڕە لە تۆم و دەرفەتی پێشکەوتن.

دیارە وەك کورد بڕوانین، مەسەلەکە تەواو جیایە. ڕوالەتەکان هەموو جارێ ناهومێدیی دەدەن. بەحسێبی عاتیفە: بەحسێبی پەرۆش بۆ دەیان هەزاری تێداچوو، بۆ نەوەیەکی سەرگەردان و دەربەدەربوو، بۆ خاکێکی وێرانکراو چۆلکراوو بێ خاوەن بوو، دەبێ بێ دەسەڵاتانە ئاواتە سپییەکانمان لەژێر بلوسکەی ڕەشی ناهومێدیدا هەڵخەین.

بەڵام لێرەشدا حسێبی وردو زانستی، بەرەو ڕووبوونەوەی ئازایانەو زیرەکانە، دەشێ ئەنجامێکی ترمان بداتێ:

دەشێ تێمان بگەیەنێ حەقیقەتە بڕندەکە ئەمەیە:

گۆڕانە کوودەتایی یەکە بێ ئامانە. یان ئەوەتا لێی حاڵی دەبی، گوڕ دەدەیتە خۆت و چمکێکی دەگری و بۆ بەرژەوەندی و سەرفرازی خۆت دەیڕەخسێنی، یا ئەوەتا لەگەڵ زەوی ڕۆچووودا نەغرۆ دەبی. دەکرێ لە

هەموو دیاردەیەکی پۆزەتیفی جیهان، هێزێك وەربگرین. لەهەموو دیاردەیەکی نێگەتیڤی هەلو مەرجی خۆشمان، هێزێکی پۆزەتیڤ بدۆزینەوە و بەکاری بێنین. دەمێکە، دەمێکە کورد گوتوویەتی: هەر عەقڵە لە خەسارێك. بەڵام کاتی خەسارەکە دەبێتە خەسارەتی نیشتمانێك، دەبێتە هەرەسی مێژوویەك، دەبێتە ئاشبەتاڵی تەواوی دارو دەستەی لێپسراو، ئەوسا عەقڵەکە دەبێ بە قەدەر قورسایی کارەساتەکە، گەورەو و گەورەتریش بێ. ئەوسا، تەنیا ئەوسا، دەتوانین رابردوو، کۆن بەجێ بێڵین و باوەش بە ئێستاو پاشەرۆژدا بکەین.

دەشێ بە وریایی و چاوکراوەیی و بیرتیژییەوە لە پرۆسەی رووداوەکان سەرنج بدەین و نەخشە و ستراتیژی (کار) بکێشین. راستە گۆڕانەکان هێندە خێران، هێندە جەنجاڵن، هێندە کوت و پڕن، کە برێ لەبیرکاران و فەیلەسوفان، سەردەمی ئێستا بە سەردەمی ( ناعەقڵ) ناودەبەن. سەردەمێ کە مرۆڤ دەسەلاتی بەسەر ژیان و پاشەرۆژی خۆیدا ناڕواو بۆتە ژێر دەستی هەلو مەرج و دەوروبەر. سەردەمێ کە پێشبینکردنی رووداوەکان زەحمەتە.. و ئەنجامەکان دەشێ بەپێچەوانەی رەچاوکراوەکانەوە بن.

بەڵام دیسانەوە ئەم دیاردەیە خۆی کە بەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆژییە، لەلایەکەوە تەحەددایەکە بۆ بەکاربردنێکی باشترو بەهێزترو بەرنامەکراوتری هێزی بیرو و هۆش و خەیاڵی مرۆڤ. لەلایەکی تریشەوە، ئەو راستیە ناشارێتەوە کە رووداوەکان و ئاقارەکانیان، پێشینەو چوارچێوە و زەمینەی مێژوویی و جوگرافیان هەیەو لەمەوە دەشێ و دەکرێ یاساکانیان دیاری بکەین و پێشینیەکی وشك نا، بەڵکو ئیحتمالە جیاجیاکانی پێشکەوتن و هێلی نێوەندییان دەرك پێ بکەین و خۆ بۆ ئاکامەکانیان ئامادەبکەین.

لێرەدا، واچاکە، بە ئاگا لێبونەوە، وشەی (یاسا) بەکاربێنین. مەبەستمان لە یاسا: لێکدانەوەیەکی نەگۆڕ نییە. هەمیشەیەکی چەسپاو نییە. یاسای یاساکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە. بنەکان چی دی پتەو نین، رێچکە ئاساییەکان چی دی ئاسایی نین، بەردەوامییەکان چی دی بەردەوام نین، چەسپاوەکان چەسپاونین.

ئەم یاسا باڵایە تەنیا وەزعی (سۆشیالیزم) ناگرێتەوە، بەڵکو ناوك و ناوەڕۆکی سەرمایەداریش دەگرێتە خۆی.

ئەگەر چی میکانیزمی گۆڕان تارادەیەکی زۆر پێشکەوتنی بالآتری تەکنۆلۆژی سەرمایەداری دیاری دەکا، لێکدانەوەی گۆڕانەکان- بەسەرکەوتنی سەرمایەداری. لێکدانەوەیەکی کورت بینە..

ئاکارو ئاقاری گۆڕانەکان لە تێگەیشتن و زەین و مەزندەی مرۆڤی وریا بەدەرنییە.

گرنگ سەلماندنی یاسا سەرەکییەکەیە: بیبەستێتی ( موتلەقیەتی) گۆران. تەنیا پشت لەگۆڕان کردن، قەناعەتی درۆ لەگەڵ خۆکردن کە ئەوەی هەیە نموونەیی یەو پێویستی بە پاڵپشتی و پاراستن و پتەوکردن هەیە نەك رەخنە لێگرتن و شیکردنەوەو لێکدانەوەو گۆڕین، ئەم قەناعەتەیە کە دژی هەموو یاسایەکی ژیان و مێژوو- و تەبیعەتە، کە بووەو دەبێتە هۆی تەپینی مێشك و نابینایی چاوو داپەلۆسینی توانست و سڕکردنی هەست و نەستی ئینسانی. جەوهەرو ناوەڕۆکی مارکیسزم، وەك فەلسەفەیەکی ماددی زانستی، باوەڕبوونە، بە موتلەقێتی گۆڕان.

تێزەکەی هێراکلیسیش: ناتوانی دووجار لەیەك ئاوی رووبار بدەی. دەربڕینێکی ناسکی دیالەکتیکی ژیانە. کەچی بینیمان، بەپێچەوانەی ئەمەوە، چۆن گۆڕینی رووباری گۆڕان بە گۆم، ئەوسا بەزەلکاو، بوو بە یاسای یاساکان.

ئەمرۆ پێویستیان بە دیمۆکراسی و ئاخاوتنی دیمۆکراسییە، بۆ پاك کردنەوەی دڵ و روو لە تەلخی و چلپاوی رابردوو... لەزەلکاوو...لە لە زەلکاوا چەقیوەکان!!

بۆ درووست کردنی سەرەتایەکی نوێ، هیوایەکی نوێ، گەشبینییەکی تازەو ریالیست، بەرامبەر بە ئێستاو بە پاشەڕۆژمان.

(بیتیلهایم) کە دەروون ناسێکە زۆر کاتی ژیانی لە گرتووخانەکانی نازیدا بەسەر بردووە و زۆربەی ژیانی بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی قوربانییەکانی کەمپی نازییەکان تەرخان کردووە. دەنوسێ:

{ بۆ ئەوەی بتوانین بەزیندوویی بمێنینەوە توانای هەستکردنمان بپارێزین، دەبێ بتوانین رابردوو تورهەڵدەین و سەر لەنوێ خۆمان درووست بکەینەوە}

سەرلەنوێ خۆدرووست کردنەوە بۆ ئێمە تەنیا پەندێك و ئامۆژگارییەکی سایکۆلۆژی نییە.. بەڵکو ئەرکێکی مێژوویی یە کە چ وەك تاك، چ وەك کۆمەڵ، دەبێ بەرەو رووی ببینەوە.

ئایا ئەم خۆ درووست کردنەوەیە چۆن ئەنجام دەدرێ؟

دیارە ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە بە یەك کەس و دووکەس و دەکەس نادرێتەوە. ئەمە پرسیارێکی مێژوویی یە هەمووومان دەگرێتەوە. بۆیە دەبێ هەمووومان لە خۆمانی بپرسین و هەمووومان پێکەوە بەشوێن وەڵامەکەی دا بگەڕێین: ئەمەش تەنیا بەوە دەبێ سەرەتایەکی زانستی و واقعی و راست دابمەزرێنین.

سەرەتای راستیش لەم سەردەمەماندا لە ئاخاوتن، ئاخاوتنی دیمۆکراتیی و تێگەیشتنی زانستانە بەو لاوە نییە.

بۆ دەستپێکردن و ئەنجامدانی ئەمەش دەوری تاك: هەموو مرۆڤێکی تاك و هۆشمەند سەرەکی و جەوهەرییە.